# بڵاوكراوەی نوێ

## شوێنگەی بەتاڵ




(شوێنگەی بەتاڵ) ناونیشانی كۆمەڵە وتارێكی شانۆیی پیتەربروك–ە، لەلایەن پێشڕەو حسێن–ەوە لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی، لە بڵاوكراوەكانی پاشكۆی رەخنەی چاودێرو لە دووتوێی 200 لاپەڕەدا بە چاپیگەیاندووە، لەو وتارانەی كە لەم كتێبەدا بڵاوكراونەتەوە (شانۆی مردوو ئاسا، شانۆی پیرۆز، شانۆی ناپووختە، شانۆی راستەوخۆ.)

## ژمارە 24ی هەنار:




لەم ژمارە نوێیەی گۆڤاری (هەنار)دا چەند بابەتێك بڵاَوكراونەتەوە، ناونیشانی هەندێك لەو بابەتانە : )محەمەدی دڵشووشەو عەشقی ئیفلاتوونیی–مەجید عەزیز، سیحرێكی شیرین–شیعری /رێباز مەحمود، وەك ئەو خەونەی گەلاَترە لەوەرین– زانا سامان، تاخوا بێتاقەت دەبێ راژەنینی بێشكەیەك– عەلی پێنجوێنی، دیدار لەگەڵ مەریوان وریا قانع).